## ناوی پرۆژە : پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان

**ماددەی یەکەم :**

لە بڕگەی سیٚ یەم ووشەکانی (ماوەیەکی دیاری کراو) لابربدرێت ، ببێتە (ئاسایی یە) .

**ماددەی سێیەم :**

**یەکەم :**

١- هەموار کردنی بڕگەی (یەکەم ) لە ماددەی سیٚ یەم بەم شێوەیە :

أ- ئەگەر خۆپیشاندان لە ئاستی سەرتاسەری هەرێم دا بوو وەزیر ئاگادار دەکرێت .

ب- ئەگەر خۆپیشاندان لە یەکە کارگێڕیەکان بکرێت بەرپرسی یەکەی کارگێڕی ئاگادار دەکرێتەوە لە خۆپیشاندانەکە .

٢- لابردنی بڕگەکانی (٢ و ٣ و ٤و٥ ) .

* زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە کە پێناسەی لە خۆپیشاندانی لە ناکاو دەکات :

**چـوارەم** :خۆپیشـاندانی لـە ناکـاو بریتیـە لـە و خۆپیشـاندانەی کـە لەبـەر پەلـەیی و کـت وپـڕی ڕوداوێك فرسەتی ئاگادار کردنـەوەی لایـەنی پەیوەندیـداری لەگەڵ نیـە بـە هۆکارێکی تایبـەت دروسـت دەبێـت و پێشتر هیچ بەرنامەیەکی بۆ دانەرێژراوە و ڕێکخەرەکانی دیار نین .

**مادەی چوارەم :**

ماددەی چوارەم هەموار بکرێت بەم شێوەیە :

**یەکەم** : لە کاتی خۆپیشاندانی کتوپڕ و بیٚ ئاگادار کردنـەوەی یەکـە کارگێرییـەکان پۆلیسـی مـەدەنی ئەرکی پاراستنی بنکە حزبی و حکومییەکان و سامانی گشتی و تایبەتی لە ئەستۆیە .

**دووەم** : پێویستە خۆپیشاندانەکە ئاشتیانە بیٚ دوور بیٚ لە کاری توندوتیژی .

**سێیەم** : دەبیٚ دەزگاکانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن .

**ماددەی حەوتەم :**

بڕگەکانی یەکەم و دووەم وەکو خۆی بمێنێتەوە ، بڕگەکانی سیٚ یەم و چوارەم بە م شێوەیەی خوارەوە هەموار بکرێت :

**سێیەم** : لە کاتی سەرپێچی خۆپیشاندەراندا بۆ ماددە و بڕگەکانی ئەم یاسایانە نابێت پۆلیس تەقە یان هەر شتێك ببێتە هۆی کوشتن بەهەر هۆکارێکەوە بێت بەرامبەر خۆپیشاندەران بەکار بهێنرێت .

**چوارەم** : لە کاتی سەرپێچی خۆپیشاندەراندا دەبێت بە بڕیاری دادگا ئەو کەسانەی سەرپێچیان کردووە دەستگیر بکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت .

- ماددەیەی هەشتەم  لابرێت  کەوابوو ماددەی نۆیەم دەبێت بە ماددەی هەشتەم .
- ماددەی دەیەم دەبێت بە ماددەی نۆیەم و بەم شێوەیەی لیٚ دێت:

هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات ، سزای بەند کردنی بەسەردا دەسەپێت بە شێوەیەك کە بەندکردنی لە (١٠) دە ڕۆژ زیاتر نەبێت و غەرامەکە لە (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار دینار زیاتر نەبیٚ .

- ماددەی یازدەیەم دەبێت بە ماددەی دەیەم :
- ماددەی دوازدەیەم دەبێت بە ماددەی یازدەیەم و ماددەکانی تریش وەك خۆیان دەمێننەوە بەڵام هەریەکە و ژمارەیك دێنە پێشەوە  ، دەبن بە ماددەی (١٢ و ١٣و ١٤وو ١٥) .